
ئەڵماس مستەفا

## خۆزگە

خۆزگە ئەبووی بە چنارێك
منیش لاولاوئاسا.
بە باڵاتدا هەڵساماية
گوولەکانی ئەو لاولاوەم
وەک تاجێک بۆ سەرت
بکردایە، گەڵای دارەکەم
بە سێبەری هەناسەی
رووحت دانایە.
قەدی لاولاوەکەش
بپێچم لە قەدت
لەگەڵ خۆمدا،
جووت بوونایە
رەگی ئەودارەش
وەك شاخوێنبەرێك
لەگەڵ دڵم بۆ دڵت
بچوایە ئەوکاتە
بمکردایە ماچی لێوت
تا تاسەم لێت بشکایە... .

سوید